www.kurdistannet.org 15-2-2003

# ئەمجارەیان بڵاوکردنەوەی نەخۆشی لە ناو ژنانی کورددا

ڕۆژنامەی (انتخاب) چاپی تاران ڕێکەوتی 2003/1/29 هەواڵی مانگرتنی(15 ) کچە خوێندکاری کوردی بڵاوکردەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کچانە قوربانیەکانی ئەو نەخۆشیەنەناسراوەی 10 مانگ لەوەو پێشی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانن کە لە ئاوایی ئیسلامئابادی ناوچەی سەردەشتدا بڵاویکردەوە پزیشکەکانی ناوچەکە نەیانتوانیوە نەخۆشیەکە دەستنیشانبکەن ودەسەڵاتدارانی ئێرانیش هەڕەشەیان لە نەخۆشەکان وخەڵکی ناوچەکە کردووە کەنابێ بەهیچ جۆرێك باس لە نەخۆشیەکەیان بۆ هیچ کەس و ڕۆژنامەیەك بکەن . بەڵام خەڵکی ناوچەکە خۆیان ناچار بوون کە بەدوای چارەسەردا بگەرێنو خۆیان بگەیەننە کوردستانی عێراق لەوێشەوە چوون بۆ بەغدا ، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ئەم کچە کوردانە دەرزی سورێژەی ئێکسپایەریان لێدراوە و دەرزیەکە ئەڵمانیە .

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بریتیە لە هەوکردنی دەست ، ڕشانەوە ، ئازاری گورچیلە ، سستبوونی ماسولکەکانی پێ ، لاڵ بوون ، قژڕوتانەوە . تاکووئێستا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەڵێن ئەم کچەکوردانە تاقیکردنەوەی وانەکانیان هەیە بۆیە وایان لێ هاتووەو تووشی دڵەڕاوکێ بوون، هەندێکی تریان ئەڵێن ئەوە داوای قیرتاوکردنی کۆڵان وجادەکانی شارەکەیان وتۆڕی ئاویخواردنەوەو قوتابخانە دەکەن بەفیتی کەسوکار وخەڵکی ناوچەکە وایان لەخۆیانکردووە. ئەم کچانە ئەوە 10 مانگەبەدەست ئەم نەخۆشیەوە ئەناڵێنن . هەروەها ڕادیۆی BBC ماوەیەك بەر لە ئێستا هەواڵی نەخۆشیەکی تری لە ناوچەی قوروە وبیجاری کوردستانی ئێراندا بڵاوکردەوە کە نیشانەکانی بریتی بوون لە: لەت لەت بوونی گۆشتی جەستە ، ڕووتانەوەی قژ . دیارە داگیرکەرانی کوردستان هەموو شێوازە سەربازیەکانیان بۆ دژایەتی کردن و فەوتانی گەلی کورد گرتە بەر ، دەرکردن و تەعریب، تەتریك ، تەفریس، کیمیاباران سوتاندنی کوردستان نەیانتوانی بگەنە مەرامە گڵاوەکانیان بۆیە ئەمڕۆ پەنا بۆ ئەم کارە دژە ئینسانیانە دەبەن ونەخۆشی لە ناوماندا بڵاو دەکەنەوە دەوڵەتی تورکیا ژنەکانمان و خوشك ودایکمان نەزۆك ئەکات ، کۆماری ئیسلامی ئێران نەخۆشی لە ناو ژنەکانمان خوشك ودایکماندا بڵاو دەکاتەوە .

مرۆڤ دۆستان ئەی ئەوانەی کە بەقسەی خۆتان مرۆڤتان بەبێ هیچ پاشگروپێشگرێك لە لا پیرۆزە ئەتانەوێ چ شتێکی تر دژی کورد بکرێ بۆ ئەوە کورد بەئاستەم گوێی لە نوزەی ئێوەبێ ؟! .

هەردی عەبدول

نەرویج





٢٠٠٣/١/٢٩